# دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەوان (ستیفان شەمزینانی) لەمەڕ پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرومێ و پرسی خۆشەویستی

سازدانی دیمانە: ئەوین عەلائەدین



## - بەشی یەکەم -

**ئەوین:** یەکەم پرسیارمان ئەوەیە پەیوەندیی کوڕو کچ وەک هەر جۆرە پەیوەندییەکی تر چۆن سەیر دەکەیت؟

**ستیفان شەمزینانی:** ئەوە پەیوەندییەکی سروشتی و ئاساییە کە دەبێت لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست بێت، دیارە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان بەجیاواز لەڕەگەزو تەمەن و ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیریی کاتێک پەیوەندییەکی سروشتی دەبێت کە لەسەر بنەمایەک دروست بووبێت ئینسان بەتەواوەتی ئازاد بێت لەدروستکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەویتری بەرامبەر.

بەڵام لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا، ئەو کۆمەڵگایانەی ئازادییەکان تیایاندا سنووردار کراون و پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزی نێرومێ پەیوەندیگەلیکی سنووردار و تابو کراون، ئەم حاڵەتە و ئەو پەیوەندییە تەندروستەی تیادا لەدایک نابێت.

لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزەکە پەیوەندییەکی سروشتی نییەو لەهەموو حاڵەتەکاندا پەیوەندییەکە چەپاندن و چاو وسانسۆری کۆمەڵگەی لەسەرە.

**ئەوین:** ئەو هۆکارانە چین کەوا لەخەڵک دەکات بەچاوێکی سووک سەیری پەیوەندیی نێوان کوڕوکچ بکەن؟

**ستیفان شەمزینانی:** فاکتۆرەکانی دەگەڕێنەوە بۆ زۆر شت، یەکێک لەوانە بریتییە لە خو ونەریت و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی ئێمە وەک کورد، ئەو دابونەریتەی زاڵە بەسەر کۆی بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا دابونەریتێکی خێڵەکی و هۆزگەراییە، کە لەناو ئەم کولتوورەدا جێگەی پەیوەندیی هاوبەش و سروشتیی مرۆڤەکان نابێتەوە، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرومێ، ئەمە یەکێکە لەو فاکتۆرانەی بەدرێژایی مێژووی کورد کاریگەر بووە لەسەر دوورخستنەوەی ئەو دوو ڕەگەزە لەیەکتری و هۆکارێکی بەهێزیش بووە لەبوغز دروستکردن لەنێوان ئەو دوورەگەزەدا.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

یەکیکی تر لەو فاکتۆرانە بریتییە لەئاین، چونکە ئاین رۆڵێکی کارای بینیووە لەدوورخستنەوەی دوو رەگەزەکە، پەیوەندییەکانی نیوانیانی حەرام کردووە و تەنیا ریگەیەکی بۆ دۆزیوەتەوە، ئەویش بریتییە لەو ریگەیەی خۆی دیاریکردووە (زەواج) ، لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم دوو فاکتۆری هەرە گرنگ لەدروستکردنی ئەو گۆشەنیگایەدا رۆڵێان گیڕاوە، کولتووری کۆمەڵایەتی زائیدەن ئاین کە دیسان ئەویش بەشیکە لە کولتووری ئیمە.

**ئەوین:** پیتوایە لەکۆمەڵگەدا جگە لەزەواج ریگەیەکی تر هەبیت ئەو دوورەگەزە بگەیەنیتەوە بەیەک؟

**ستیفان شەمزینانی:** ئەگەر باسی ئیستا بکەین، دەبینین پەیوەندیی لەنیوان دوو رەگەزەکەدا هەیە، بەڵام بەو فۆرمە نییە کەدەبیت هەبیت یانی پەیوەندییەکی سروشتی نییە، بۆ نموونە کاتیک من و تۆ لەدەرەوە کوروکچیک بەیەکەوە دەبینین مانای ئەوە نییە ئەو دوو کەسە ئازادن بەڵکو لەوانەیە لەدڵە خورپەو ترس و راڕایدا یەکتریان بینیبیت، واتە پەیوەندییەکە لەژێر گوشاردایە.

ئەوە بریتییە لە جورئەت نیشاندان و یاخی بوون کاتیک دوو کەس مەبەستم کوروکچە بەیەکەوە دەبینین، چونکە لەچەند حاڵەتیکی کەم و لەئاستی دەستەبژێردا نەبیت هەموو پەیوەندییەکان بەدزیی کولتوورو بنەماڵەوچاوی دەوروبەرەوەیە.

تاکە کەناڵێک کرابیتەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو رەگەزە یەکتری تیابناسن تەنانەت لەرووی ناسینی شەخسییەوە بریتییە لەزەواج، جگە لەمەش خۆ ئەگەر کوروکچە گەنجەکانی ئیمە یەکتریش بناسن لەنزیکەوە نەیانتوانیوە لەناخ و تایبەتمەندییەکانی یەکتر تیبگەن، چونکە هەردەم تەمسیلیان لەبەردەم یەکتردا کردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا ژیاون هەموو ئازادیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەربەستەکانی تیادا قەدەغەکراوە.

**ئەوین:** پیتوانییە ئەگەر پەیوەندیی نیوان کوروکچ نەگاتە زەواج پەیوەندییەکە ناشەرعی و نادروستە؟

**ستیفان شەمزینانی:** مەرج نییە وابیت... ئیمە لەکۆمەڵگەیەکدا دەژین ئازادییەکان بەتایبەت ئازادیی مومارەسەی سیکسی ریگەی لیگیراوە، هەموو ئەو پەیوەندییانەشی لەنیوان دوو رەگەزەکەدا دروست دەبیت تەریب کراوەتەوە لەگەڵ ئەم غەریزەیەدا، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەیەک ئازادیی بەتایبەتی ئازادیی سیکسی تیا بیت مەرج نییە هەموو ئەو پەیوەندییانە بەزەواج دەست پیبکات یان کۆتایی پیبیت، تەنانەت مەرج نییە هەر کردەی سیکس تیایدا ئەنجام بدریت.

لەکۆمەڵگەیەکی نەریتی وەک ئەوەی ئیمەدا کاتیک ئەو پەیوەندییە بەدروست و واقیعی دەزانریت بەزەواج بگات، بەڵام مەرج نییە هەموو پەیوەندییەک بگاتە زەواج، تۆ مەحکوم نیت بەوەی لەگەڵ کەسیکدا کەناتوانی لەداهاتوودا ئیستیعابی بکەیت و بژیت زەواج بکەیت.

**ئەوین:** ئەی بۆچی خۆشەویستی لەگەڵدا دەکەیت؟

**ستیفان شەمزینانی:** مەرج نییە ئەو کەسەی تۆ خۆشت دەویت بەئیتاری زەواج گەمارۆی بدەیت و تەنیا زەواج بیت مانا بداتە پەیوەندییەکە کە خۆشەویستییەکی راستەقینەیە یان نا؟

بەڵام من وتم نابیت مرۆڤ مەحکوم بەوە بکریت کە پەیوەندییەکی دروستکرد ئیلا و بیلا بگاتە ئەو دەرەنجامە (زەواج).

دەرەنجامەکە خۆی پیی دەگات، ئاکامەکە بەچەشنی شیوەی پەیوەندییەکە دەردەچی، ئەگەر سروشتی بیت دەرەنجامەکەش سروشتییە و پیچەوانەکەشی هەروەها.

**ئەوین:** ئەوە روون بکەرەوە کە مەبەستت لەوە چییە دەڵیی مەرج نییە کۆتایی هەموو پەیوەندییەک بگاتە زەواج، ئەمە کەمیک ئاڵۆزە؟

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ستيفان شەمزینانی:** لوتکەی خۆشەویستی بڕیتی نییە لەزەواج، دەکرێت ئەو پەیوەندییە وەک خۆی بمینیتەوە هەروەک چۆن دەکرێت کۆتایشی پیبێت.

**ئەوین:** تۆ وەک ئەوروپا قسە دەکەیت، بۆ باسی کۆمەڵگەی خۆمان ناکەیت؟

**ستيفان شەمزینانی:** باسی ئەوەم نەکردووە با وەک ئەوروپا قسەو ڕەفتار بکەین، مەبەستی من ئەوەیە لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی چەپینەرە و کۆمەڵگەیەکە کاریگەریی کولتووری کۆن و ئاینی بەڕادەیەکی زۆر لەسەرە، پەیوەندییەکان تییدا بەسروشتی نەماونەتەوە و شیویندراون، هەر بۆیە پەیوەندیی نیوان کورو کچەکانیش پەیوەندییەکی ڕاست و دروست نین و لەسەر بنەمایەکی تەندروست بونیاد نەنراون، لەبەرئەوەی لیرە خۆشەویستی تابۆیەو هەبوونی پەیوەندیی سیکسی لەنیوان هەردوو ڕەگەزدا لەو تابۆتر بووەو بەکارەسات لیکدراوەتەوە، چونکە بەپیی کولتووری کوردەواریی لەپرۆسیسی مومارەسەی سیکسدا ژن بەرکارو پیاو بکەرە، هەمیشە ئەم کولتوورەیە وا لەخەڵکان دەکات کە دەبی کۆتایی و لوتکەی پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان بڕیتی بیت لەزەواج لەکاتیکدا مەرج نییە وا بیت، هەروەک چۆن ئاساییە بگاتە زەواج ئاوهاش هەر ئاساییە نەگاتە زەواج.

**ئەوین:** تۆ وتت ئاین هۆکاریکە لەدوورخستنەوەی ڕەگەزی نیرومی لەیەکتر بەچ بەڵگەیەک ئەم قسەیە دەسەلمینی لەکاتیکدا کچی پیغەمبەر بەخۆشەویستی شووی کردووە؟

**ستيفان شەمزینانی:** من ئاگام لەو چیرۆکانە نییە کە لە میژووی ئایندا باسیان لیوەدەکریت، بەڵام ئاین وەک ئەو تابلۆ و شیوە گشتییەی من دەیبینم پەیوەندیی ئازادانەی نیوان هەردوو ڕەگەزی حەرام کردووە، با باسی ئاینی ئیسلام بکەین، کاتیک چاو بەئایەتەکانی قورئاندا دەخشینین نەک پەیوەندیی حەرام کردووە بەڵکو سەیرکردن و نیگاکردنیشی لەنیوان هەر دوو ڕەگەزدا حەرامکردووە، ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەشیواندنی ئەو پەیوەندییە سروشتییەی دەبیت لەنیوان هەردوو جیندەردا هەبیت، ئاین تەنیا ڕیگەیەکی هیشتووەتەوە بۆ بەیەکگەیشتنی نیرومی و یەکتر ناسینیان ئەویش ڕیگەی زەواجە بەپیی ڕیورەسمی ئاینی.

پیش ئەوە (واتە زەواج) ڕیگەی نەداوە لەهیچ شوینیکدا نیرو می لەژیر هەر ناویکدا بیت تەنانەت بەیەکەوە دانیشن، حەدیس هەیە دەڵیت ئەگەر کورو کچیک بەتەنی بەیەکەوە دانیشتن سیهەمیان شەیتانە، بۆیە دووبارە پیموایە ئەم کولتوورە ئاینییە کاریگەریی زۆر نیگەتیفی هەبووە لەسەر بەربەستکردنی پەیوەندیی نیوان نیرومی.

**ئەوین:** بەدەر لەو مانا جوانەی کە خۆشەویستی هەیەتی، بەڵام زۆربەی پەیوەندییەکانی ئیرە ناپاکەو بەخیانەت کۆتایی پیدیت، تۆ لەمبارەوە چی دەڵییت؟

**ستيفان شەمزینانی:** دەمەوی ئەو چەمکە زۆر وتراوەیە ڕاست بکەمەوە (خۆشەویستی پاک و پیس)، لەڕاستیدا خۆشەویستییەک نییە بەناوی خۆشەویستی ناپاک، خۆشەویستی یان هەیە یان نییە، خۆشەویستی هەمووی پاک و ڕاستە و جۆری پیسی نییە، ئەوەی پیس و ناپاکە هەر لەبنەماوە خۆشەویستی نەبووە و نابیت، ئەوەشی بووەتە خۆشەویستی پەیوەندییەکی ڕاست و دروستە.

لەکۆمەڵگەی کوردییدا هەموو شتەکان بەشیوەی سروشتیی خۆیان نەماونەتەوە، یەکیکیش لەوانە خۆشەویستییە، لەکۆمەڵگەی ئیمەدا عەشق بەتەواوەتی و بەهەموو جۆریک شیویندراوە، خەڵکی ئیرە بەدەگمەن دەتوانیت پەیوەندیی هەبیت جچای عاشق بیت، بەدەگمەن دەتوانیت لەدەرەوەی پاڵنەرە سیکسی و غەریزییەکانەوە کەسیکی تری خۆشبوویت.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەو کورە گەنجەی لەگەڵ کچێکدا دەیبینین یان بەپێچەوانەوە، ئەوەندەی پاڵنەرە غەریزیی و سێکسییەکە کۆیکردوونەتەوە لەگەڵ یەکتردا، بەچارەگی ئەوە پاڵنەرە رۆحییەکان رۆڵیان نەبینیوە لەکۆکردنەوەیاندا، لەکاتێکدا پەیوەندیی خۆشەویستی بریتییە لە پەیوەندییەکی رۆحی قووڵ، بەبێ ئەو رۆحانییەتە ناتوانین بڵێین عەشق و خۆشەویستی هەیە.

لێرەوە دەمەوێت بچمەوە سەر کرۆکی تەوەری پێشوو، ئەو پەیوەندییانەی زوو بەزوو کۆتاییان پێدێت خۆی لەبنەماوە نەبوونەتە عەشق تا بڵێین ئەوانە عەشق بوون و خیانەتیان تیاکراوە.

**ئەوین:** دەکرێت بڵێین خیانەتی خۆشەویستی چییە؟

**ستیفان شەمزینانی:** بامن لەسەرەتاوە ئەوە بڵێم، ئینسانەکان بەدەگمەن دەتوانن عاشق بن، هەموو ئەو پەیوەندییانەی لەسەر شەقامەکان دەیانبینین، ناتوانین هەموو ئەمانە ناوبنێین عەشق، دەکرێت ناویان پەیوەندیی بێت.

عەشق ئاستێک یان پلەیەکی بڵاترە لەو پەیوەندییەی ئێمە دەیبینین، چونکە عەشق ساتەوەختی بەدیوانەیی بوونە، بەدەگمەن عاشقەکان دەتوانن خیانەت بکەن، بەدەگمەن دەتوانن دابڕین، مەگەر نوقتەی دابڕان بریتی بێت لەخاڵی مەرگ.

تەنانەت مەفهومی دابڕان لەنێو عەشقدا هەبوونی نییە، من خۆم ئەگەر مەعشوقەکەم بەهەزاران کیلۆمەتر لیم دووربێت هەرگیز هەست بەدابڕان ناکەم، چونکە لەپرۆسەی عەشقدا من بووم بە بەشێک لەو و ئەو بووە بە بەشێک لەمن، کەواتە بەردەوام لەگەڵ خۆمدام یاخود بەمانایەکی تر بەیەکەوەین.

عەشق راستەوخۆ لەقووڵایی رۆحدایە، عەشق راستەوخۆ لەناو ئەندیشەدایە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو پەیوەندییەی دەیبینین پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای جەستەو بەرژەوەندیی هاوبەش.

**ئەوین:** تۆ دەڵێیت تەنیا مەرگ کۆتایی بەعەشق دەهێنێت بەڵام لەهەمان کاتدا پێت ئاساییە کەسێک پێش مەرگ واز لەمەعشوقەکەی بێنێت و برواتە کەسێکی تر بهێنێت ئەمە چۆن دەبینیت؟

**ستیفان شەمزینانی:** رەنگە پەیوەندیی عەشق بەدرێژایی پەیوەندییەکە وەک عەشق و پەیوەندییەک بمێنێتەوە و نەگاتە زەواج بێ ئەوەی گومان لەراستی و دروستی پەیوەندییەکە بکەین، من نموونەی سارتەر و سیمۆن دوبوفوار بەبیرت دەهێنمەوە کە تامردن پێکەوە بوون بێ ئەوەی زەواج بکەن.

ئەگەر سەیری چیرۆک و ئیپۆسەکانی عەشق بکەین کە دەماو دەم دەوترێنەوە و لەوانەیە لەرووی واقیعییەوە راست نەبن و بەرهەمی ئەندیشەکانی مرۆڤ بن، لەهیچ یەکێکیاندا عاشقەکان ناگەنە ئەنجام وەک ئەوەی تۆ دەتەوێت، بۆ نموونە مەم و زین نابنە هاوسەری یەکتر، لەکاتێکدا ئێمە ناتوانین هاشا لەوەبکەین کە ئەمە پەیوەندییەکی خۆشەویستی نەبووە.

لەیلا و مەجنون ناگەنە یەکتر، لەساتێکدا ئێمە ناتوانین حاشا لەوەبکەین کە ئەمانە یەکتریان خۆشنەویشتووە، شیرین و فەرهاد ناگەنە یەکتر، خەج و سیامەند هەر بەهەمان شێوە. کاتێک دەڵێم مەرج نییە پەیوەندییەکە بگاتە زەواج مەبەستم لەوە نییە خۆشەویستی نابێت بگاتە زەواج، بەڵکو من دەڵێم مەرج نییە بگاتە زەواج، یان بەدیویکی تردا زەواج تاکە شتێک نییە میسداقیەتی خۆشەویستی بسەلمێنێت.

لەوەختێکدا دەبینین ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانە گەورەترین عاشق و مەعشوق و سیمبوڵی خۆشەویستین لەلای ئێمە، بەڵام وەک چیرۆکەکە بۆماندەگێڕێتەوە نەگەیشتوونەتە ئەو خاڵەی پێی دەوترێ زەواج بەڵکو چارەنووسیان دابڕانێکی جەرگبڕو تراژیدیی بووە.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەو گرتەیەی لەفیلمی تایتانیکدا بینیوومانە خۆشەویستەکان ناگەنە یەک، بەڵام هەر خۆشەویستییەو بگرە سیمبۆلیکە بۆ عەشق، جگە لەوەش سەرنجت بۆئەوە ڕادەکیشم پیش ئەوەی لەمیژوودا زەواج دەربکەویت خۆشەویستی هەر هەبووە، عەشق زۆر لەوەش گەورەترە لەچوارچیوەیەکی وردیلەی وەک زەواجدا بچووک بکریتەوە.

**ئەوین:** ئەگەر سەیری تایتانیک بکەین تەنیا مەرگ ڕیگرە لەعەشق، بەڵام لیرە کوڕ شیوازی جل لەبەرکردن و شتی لەو جۆرە دەکاتە بەهانە بۆ جیابوونەوە، ئەی ئەمەیان چی؟

**ستیفان شەمزینانی:** من پیموایە ئەگەر یەکیک چ کوڕ بیت یان کچ بەرامبەرەکەی خۆشبوویت، ئەو کەسەی بەهەموو تایبەتمەندیی وخو ونەریتەکانییەوە دەویت، کەسیک تۆی خۆشبوویت تۆ سنووردار ناکات لەسەر ڕەفتاریک، ئەوە بریتییە لە داگیرکردن، کاتیک کوریک یان کچیک تۆ ناچار دەکات و دەڵێت فڵانە جل لەبەربکە، ئاوها خۆت بگۆرە، بەفڵانە شیواز مامەڵە بکە، بەفڵانە ئیقاع قسەبکە، ئەمە بەهیچ جۆریک عەشق نییە و داگیرکردنە، حەزیکی تایبەتی ڕووتی شەهوانییە نەک خۆشەویستی.

کاتیک دەڵێی خۆشەویستی، من بەهەموو کەموکورییەکانەوە، بەهەموو جوانی و ناشیرینییەکانەوە تۆم قبوڵە هەروەها بەپیچەوانەوە. خۆشەویستی بریتییە لەیەکتر قبوڵکردن و یەکتر ویستن، کاتیکیش پلەی خۆشەویستی کامڵ دەبیت و دەگاتە دواپلە کە عاشق و مەعشوق لەناویەکدا تواینەوە، وەک حەلاج دەڵێت: ئیمە دەبیت ببین بەیەک دانە، ساتیک من دەبینیت ئەوت بینیوە، کە ئەویشت بینی منت بینیوە. بۆیە لەعەشقدا دوو کەس نامینیت بەڵکو هەریەک کەس هەیە.

**ئەوین:** تۆ خۆت وەک کەسیکی بەئەزموون چۆن لەخۆشەویستی تێگەیشتوویت و پیناسەی دەکەیت؟

**ستیفان شەمزینانی:** پیناسەکردنی خۆشەویستی یاخود هەر چەمکیکی تر لەقاڵبدانی ئەو چەمکەیە لە چوارچیوەی یەک تاکە پیناسەو یەک جۆرە بیرکردنەوە و ڕوانیندا. دەکریت ڕوانگەو بیرکردنەوەکان لەمەر خۆشەویستی جیاوازبن، ڕەنگە لەلای کەسیک کە لەخۆشەویستییەکەیدا گەشبین و سەرکەوتووە، خۆشەویستی بریتی بیت لەلوتکەو چڵە پۆپەی هەموو لەززەت و خۆشییەکانی دنیا.

ڕەنگە لەلای کەسیکی تر کە ئاکامی عەشقەکەی بریتی بووە لە حوزنیکی تاڵ و بی کۆتایی و قەدەریکی ڕەش و تاریک، عەشق ناهەموار و سەختترین پرۆسە بیت.

بەڵام من وەک خۆم پیموایە عەشق وەک (بەختیار عەلی) شاعیر دەڵێت: سەختترە لەجەنگەکان. لەلای من عەشق پرۆسەیەکی قورسە، پرۆسەیەکە هیندە کاریگەرە لەسەر مرۆڤەکان تێکیاندەقوپێنێت و تێکیاندەشکێنێت، عەشق لەلای من سوپایەکە بەشیوەیەک هیرشت بۆ دەهێنێت هەمیشە ساتە بەختیارەکانت لی تاڵ دەکات.

پیموایە تەنانەت چیژو خۆشییەکانی ناو عەشق، شتیکن لەئەنجامی ئەو نارەحەتی و ئەو حوزنە تاڵ و چارەنووسە نادیارەی ناوییەوە هەڵقوڵاون، کەواتە وەک چۆن دەڵێن دەشی لەناو قوڵپی گریاندا زەردەخەنەیەک لەدایک بیت، لەناو هەموو هاوارو گریانەکانی عەشقدا زەردەخەنەیەکی شەرمنانە هەیە.

بەلای منەوە عەشق گریانیکی قووڵە، خۆشەویستی باخچەیەکی ڕازاوەیە، هەر چوار دەوری بەدرک و داڵ تەنراوە، ئاسان نییە هەموو کەسیک بچیتە ناو ئەو باخچەیەوە و بتوانیت لەتامی ئەو میوە خۆشە بکات کەناوی عەشقە، مەگەر تەنیا یەکیک نەبیت بەیداخی سەرچڵی هەڵکردبیت و حیسابی بۆ ئازاری درک و دلسووتان و ژانی ڕۆح نەکردبیت.

**ئەوین:** خۆشەویستییەکانی ئیرە جۆریکن لەخەڵەتاندن، کوڕی وا هەیە لەگەڵ چوار کچدایە یان کچی واهەیە لەگەڵ شەش کوڕدایە، تۆ لەسەر ئەمە چ قسەیەکت هەیە؟

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ستیفان شەمزینانی:** ئەوانە بەخۆشەویستی بەحیساب ناهینرین، چونکە لەڕاستیدا خۆشەویستی بوویەکی جیایە لەوەی باستان کرد (ئەوەی یەکیک لەیەک کاتدا لەگەڵ چەند کەسیکی جیاوازدا پەیوەندیی سۆزداریی هەبیت).

بەڵام ئەم پەیوەندییە شیوینراوە لەسەر مەریخ نییە، پەیوەندییەکە کۆمەڵگەی ئیمە دروستی کردووە. بۆ وینە کاتیک گەنجیک دەبینیت هیچ دەروازەیەکی نییە لییەوە لەگەڵ ئافرەتدا مامەڵە بکات ،ئیلا دەبیت بەدرۆی خۆشەویستی بچیتە بەردەمی و لەگەڵێ پەیوەندیی ببەستیت.

لەژیانی خۆمدا زۆرجار ئەوەم بینیوە، گەنجیک بۆئەوەی بۆشاییە عاتیفییەکەی خۆی پربکاتەوە، یان بۆئەوەی پیویستی خۆی لەرەگەزی بەرامبەر بەدەست بهینیت، ناچار بووە بەبەهانەی خۆشەویستی و لەژیر ئەو ناوەوە بچیتە پیشەوە و لیی نزیک بیتەوە.

ئەگینا هەر لەبنەرەتەوە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی نەبووە تا لەکۆتایدا بڵێین ئەمە بەخیانەت کۆتایی پیهاتووە.

**ئەوین:** کەواتە زۆربەی ئەو پەیوەندییانە بۆ تیرکردنی غەریزەکانی خۆیانە؟

**ستیفان شەمزینانی:** بەڵێ بۆ تیرکردنی غەریزییە (هەرچەندە تیرکردنی غەریزە عەیب وعار نییە).

ئەگەر بگەریمەوە بۆسەر نموونە هیتلەر حەزیکی بیسنووری بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەبوو و کورسییەکەی خۆی خۆشویستووە بەڵام ئەم حەزە خۆشەویستییەکی مەشروع نەبووە، بریتی بووە لەچیژ وەرگرتن لەکورسی دەسەڵات. دیکتاتۆرەکان لەمیژوودا ودیکتاتۆر سەددام حسین وەک نموونە چیژیان وەرگرتووە لەکورسی و دەسەڵاتەکانیان خۆشویستووە لەکاتیکدا دەزانین ئەمە بریتی نییە لەخۆشەویستییەکی رۆمانسی و بیگەرد، مەبەستم ئەوەیە خۆشەویستی و حەز، عەشق و داگیرکردن لیکجودان، لەبەرئەوە هەموو ئەو پەیوەندییانەی ئاماژەت بۆ کردن جۆریکن لە داگیرکردن، وەک وتم حەزیکی کاتین، هەروەک چۆن لەئیراندا هاوسەرگیریی چیژ (سیغە) هەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

**ئەوین:** زۆربەی گەنجەکان پییانوایە خۆشەویستی بووە بەگاڵتەجاریی و دەستبرین و بەردەوام ئەم حاڵەتانە روودەدەن، تۆ چی دەڵیی؟

**ستیفان شەمزینانی:** خۆشەویستی تاکە شتە زۆرترین درۆی لەپەناوە کراوە، ئەگەرنا ئەو پەیوەندییانەی ئەمرۆ بەشیوەیەکی گشتی لەنیوان دوو رەگەزەکەدا هەیە و ناوی لینراوە خۆشەویستی, لەجەوهەردا خۆشەویستی نییە و فری بەعەشقەوە نییە، پەیوەندییەک نییە گەیشتبیتە قۆناغی خۆشەویستی کامڵ، کە ئەم دوو کەسە لەسەر بنەمایەکی سۆزداریی رووت پیکەوە گریدرابن، بەڵکو بۆ پرکردنەوەی کۆمەڵیک بۆشایی عاتیفی و دەروونی خۆیانە بەریگەیەکی ناگونجاو.

ئەگەر بگاتە سەر ئەوەی پیی دەوتریت خۆشەویستی بڵا هیچ کاتیک سەرەنجامەکەی نابیتە گاڵتەجاریی و خیانەت، یان ئەوەی پیی دەڵێن رابواردن و دەستبرین و دەست گەرمکردنەوە.

**ئەوین:** تۆ لەبارەی ئەوەی هۆکاری ماددیی ریگرە لە بەیەکگەیشتنی خۆشەویستەکان چی دەڵییت؟ ئایا ئەمە بەراست دەزانیت؟ بۆ نموونە هەندیجار باسی کیشەی سەکەن دەکریت؟

**ستیفان شەمزینانی:** لەخۆشەویستیدا هەموو ئەو ریگرییانە بی مانان وچەند گەورەبن بچووک دەبنەوە، هیچ کاتیک عاشق و مەعشوق بیریان لەوە نییە لەکام فیلاو کۆشک و قەسردا دەژین، بیریان لەوەنییە چەند کیلۆ ئاڵتون بکەن

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەخۆیاندا، یان بە چ شیوەیەک ئاهەنگ دەگیرن، ئەوان دەیانەوی بۆیەکتر بژین و لەبۆتەی یەکترپیدا بتوینەوە و بۆ هەمیشە ئاویزانی یەکدی بن.

بەڵام بەدیوەکەی تریشیدا ئەوە راستە لەکۆمەڵگەی ئیمە و لەهەموو دنیادا مرۆف ناتوانیت لەسەر شەقام و پەناو پاسارِدا بژی، باشە ئەگەر عاشق و مەعشوق برِیارِیاندا ژیانی هاوبەش درِوست بکەن و پەیوەندییەکەیان گەیشتە زەواج ئەی لەکوی بەبەختەوەریی بژین؟من حکومەت بە بەرپرسیار دەزانم لەکیشەکانی گەنجان و قەیرانی نیشتەجیبوون.

پرسیارەکەت دوولایەنی هەیە، لایەنیکی لەعەشقدا ئەو شتە لاوەکی و ریگرییە بچووکانە کاریگەر نین، لایەنی دووەمیش ئەوەیە ئینسان بۆ بەردەوامیدان بەژیانی دەبیت لەجیگەیەکدا بسرەویت و ژیان بباتەسەر جا عاشق بیت یان نا. لاموایە بەڵێ ئەو مەسەلانە ریگریی درِوست دەکەن لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیریی گەنجان.

(ماویەتی)

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image